# ناوی کتێب: **کەللەسەرەمردووە ئاوازخوێنەکە**

ئەم کتێبە لە ئەنجامی چەندین گەشتی دووردوریژی مۆنیکا زاک بە جیهاندا، ناوەڕۆکەکەی کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە. دەقە ڕەسەنەکەی ئەم کتێبە 160 لاپەڕەی قەوارە مامناوەندییە و بە زمانی سویدییە، نووسەر سیروان کاروانی وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی. وێنەی بەرگ و وێنەکانی ناوەوە: یان-ئۆکێ وینکڤیست کێشاویەتی. ساڵی 2006 لە ئێنگلاند چاپ بووە، 8-7ISBN 91-973358-. ئەم کتێبە لە ژمارە 70/ی ناو کتێبخانەی نووسەری کوردە.







کتێبی "**کەللەسەرەمردووە ئاوازخوێنەکە**" کتێبێکی ئێجگار سەرنجڕاکێشە و بۆ نزیکەی هەموو تەمەنێک دەشێ. ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک چیرۆک دەربارەی جنۆکە و ئەفسانە و خەیاڵی جۆراوجۆر پێک هاتووە کە مۆنیکا زاک لە ئەنجامی گەشتەکانیدا بۆ

لاسووچەکانی جیهان کۆیانی کردووەتەوە. خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە وا لە خوێنەر دەکەن کە سەرنجی پێکهاتەی چیرۆک و بەسەرهاتی جنۆکە بدات لە شوێنە جیاجیاکانی تری جیهاندا. لە هێندێک شوێندا، خەڵک وا پێشان دەدەن کە جنۆکەیان بینیوە، دراوسێیان بوونە یاخود لەگەڵیان پەیڤینە. لە هێندێک شوێنی تری جیهاندا، خەڵک تەنها دەربارەی جنۆکە دەگێڕنەوە و، وەکوو شتێکی خەیاڵاوی دەیهێننە بەر باس و وا دەگەیەنن کە ئەوانە هەرگیز نەبینراون.

مۆنیکا زاک لە ئەنجامی گەشت و کۆکردنەوەی چیرۆکەنیدا دەربارەی جنۆکە، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە نەزیلەی جنۆکە لە هەموو لایەکانی تری جیهاندا بوونی هەیە و لەناو تێکڕای نەتەوەکانی تردا دەربارەیان دەگێڕنەوە. مۆنیکا دەڵێ: " لە ماوەی ئەو گەشتانەمدا، بۆم دەرکەوت کە شتێک هەیە منداڵان و گەورەساڵان لە هەموو وڵاتانی جیهان حەز دەکەن بیکەن. **هەمووان حەز دەکەن چیرۆکی جنۆکە بگێڕنەوە و گوێ لە چیرۆکی جنۆکە بگرن.**

شتێک کە سەرنجی مرۆڤەکان ڕادەکێشێ تا ئێستا چیرۆکە ئەفسانەییەکانن کە بەسەر شاخ و دۆڵ و یاڵ و بەفر و باران و زریان و دێو و جنۆکە و زۆر شتی تردا هۆنراونەتەوە جا چ لە شێوەی چیرۆک، چ لە شێوەی بەسەرهاتی مرۆڤەکاندا. ئەم کتێبەش یەکێکە لەو کتێبانەی کە کۆمەڵێک چیرۆکی لەو شێوەیە لەخۆ دەگرێت و ئەو چیرۆکانەی بۆ هەموو تەمەنێک دەگونجێن و مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کۆن نابن، چونکە هەمیشە سەرنجی مرۆڤ بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن.

مۆنیکا زاک لە کۆتاییی کتێبەکەیدا دەنوسێ: " من بیری نووسینەوەی چیرۆکی جنۆکەم لە پۆلێکی پێنجەم لە شاری "فالون" بۆ هات. مامۆستاکەیان زۆر باش بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی جنۆکە. ئەوکاتە پۆلەکە لە خوێندنگەیەکی ئۆردووگا بوو و هەر زوو و لە ئێوارەی یەکەمدا مامۆستاکە چەند چیرۆکێکی جنۆکەی خوێندەوە، چیرۆکەکان هێندە ترسێنەر بوون کە دووان لە منداڵەکان تەلەفۆنیان بۆ ماڵەوە کرد و داوایان کرد بیانبەنەوە.

کاتێ گوێم لەوە بوو، داوام لە مامۆستاکە کرد شتێک بگێڕێتەوە و مامۆستاکەش دوو چیرۆکی کورت و ئێجگار باشی گێڕایەوە. لە پاش ئەوە خوێندکارەکان لە منیان پرسی ئەو شتە لە وڵاتانی تردا چۆنە. ئەوان دەیانزانی کە من گەشتی زۆرم کردووە و پرسییان کە ئایا منداڵ لە وڵاتانی تردا چیرۆکی جنۆکەیان گێڕاوەتەوە، یاخود لایان خۆش بووە گوێ لە چیرۆکی جنۆکە بگرن. من پێشتر بە تەواوی بیرم لەوە نەکردبووەوە. بەڵام لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە گەشتم بۆ کردبوون منداڵان چیرۆکی جنۆکەیان گێڕابووەوە، یاخود چیرۆکی تری لەو جۆرە کە هێندێک ترسێنەر یان سەیر بن.

**گێڕانەوەی چیرۆکی جنۆکە یان گوێلێگرتنی چیرۆکی جنۆکە بە تەواوەتی کولتووری هاوبەشی هەموو منداڵانە.**

لە پاش دیدارم لەگەڵ خوێندکارەکاندا لە پۆلی پێنجەم لە "فالون"، دەستم بە بیرکردنەوە کرد لەو چیرۆکی جنۆکانەی گوێم لێیان بووبوو.

من چاکترین لەو چیرۆکانەم نووسییەوە کە دەهاتنەوە بیرم و چیرۆکەکان لەگەڵ کتێبی "جنۆکە لە هەموو جیهانەوە" چاپ کران. لەو کاتەوە چالاکانەتر چیرۆکی سەرنجڕاکێش و ترسێنەرم کۆکردۆتەوە کە منداڵ یان گەورەساڵان لە سوێد و وڵاتانی تردا گێڕاویانەتەوە. ئەم کتێبە بەشێک لەو چیرۆکانەی تێدایە کە پێکەوەم ناون. چەند دانەیەکیان لەلایەن هی ترەوە نووسراونەتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەو جۆرانەن کە کەسێک بۆ منی گێڕاوەتەوە. بەخۆشییەوە زیاتر بیانگێڕەوە.

چیرۆکێک کە دەگێڕدرێتەوە، پەرەدەسێنێ و گۆڕانکاریی بەسەردا دێ و ڕەنگ لەو کەسەوە وەردەگرێ کە دەیگێڕێتەوە. بەو شێوەیە چیرۆکەکان بەردەوام دەمێنن و ئەو کەسەی کە چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، دەبێتە قەفێک لە زنجیرەگێڕانەوەیەکی درێژ." یەک لە چیرۆکەکانی ناو کتێبەکە "کەللەسەرەمردووە ئاوازخوێنەکە"یە.